www.kurdistannet.org
3-2-2007 22:47 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دەبێت بەندی 7لەناو دەستوری کوردستان وەلا نرێت... حەمە کەریم

جێگیرکردنی بەندی **7** لەناو دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوە کە شەریعەتی ئیسلام و پرەنسیپەکانی مەزهەبی ئیسلامی ببێتە سەرچاوەی یاساکان و کاری پێبکرێت، دەبێت بە زووترین کات بەری پێ بگیرێت، ئەگەر بڕیاربێت ئەو بەندە کاری پێ بکرێت ئەوا بەمانای پێشێل کردنی مافەسەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستانە، بەو واتایەی کە ئینسانەکان دەست و پییان ئاوەڵا نا بێت بۆ مومارەسە کردنی حەزو ئارەزووەکانیان، واتە دەبنە کۆیلەی یاسایەک کە بە کۆمەڵگا ئەسڵەن نامۆیەو هیچ هاوبەشیەک نیە لە نێوان سەردەم و، ئەو یاسایە و خەڵکی کوردستان نییە، ئەو یاسایە لەپێداویستیە هەنوکەییەکانی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. خۆبەستنەوەی سەرانی ناسیونالیستی کورد بە کۆمەڵێک تەیفی کۆنەپەرەستی ئیسلامی و قبوڵ کردنی خواستی دەوڵەتانی ئیسلامی کۆنەپەرست بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگە لە دواکەوتوویدا و بەرگرتن بە گەشەی کۆمەڵگەو ملکەچی بۆ دواکەوتوویی، بە کۆیلە کردنەوەی سەرلەنوێی ژنان و دەست و پێ کەلەپچە کردنی سەرجەم کۆمەڵگەو چارەنووسەکەشیان جارێکی تر بە ئایندەیەکی نادیار دەسپێردرێت، بەواتای گۆڕینی سەر لەنوێی کولتوری کۆمەڵگەو وە جێگرتنەوەی بە کولتورێک کە تەمەن و مۆدێلەکەی هەزاران ساڵە بەسەرچووە، بۆیە دەبێت کۆمەڵگە ئازاد بێت لەوەی دیندار بێت یان بێ دین، خەڵکی کوردستان ئازادن لەوەی چ ئایینێک دەکەنە بەرنامەی خۆیان، بۆیە دەبێت ئەو بەندی حەوتە هەرچی زووە لەو دەستوورەدا دەربهاوێژرێت و هیچ کارێکی پێ نەکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.